**یا وه وەسڵی زندگیکەم یا لە هجرانی مرم**

**غەیر یە چشت ترەک ئەنجام و ئاغازم نییە**

**«تەمکین کرماشانی»**

## دەسپێک

کە فەرهەنگی سێبەرگی فارسی-کوردی «زانستگای کوردستان» لە چاپ دەرهات و چووە بەردەستی هاوزمانانی هێژا، پێشوازییەکی یەکجار باشیان لێ کرد و لە ماوەیەکی کەمدا بڵاو بۆوە و هێشتا نەگەیشتبووە کوردستانی باشوور، تەواو بوو. ئێستاش بازاری کتێبان تینوویەتی.

بە یاری خوا، پاش پێداچوونەوەیەکی وردبینانە و زیاد کردنی پتر لە سێ‌هەزار وشەی‌تر لە باکوور و باشوور -کە تا ئێستا بە یارمەتی ئێوە کۆمان کردۆتەوە— لە داهاتوویەکی نزیکدا، چاپی دووهەمی ئەو فەرهەنگە دەردەکەوێ و دەستی خاوەنی خۆی دەگرێ.

**پرسیارێک**: باشە لە سەرینەی ئەو فەرهەنگە کە - وەک دیارە- جێ خۆیشی کردۆتەوە، ئەم فەرهەنگە یەکبەرگییەمان بۆ چ بوو؟

- فەرهەنگی وشە، سێ قەوارەیە: گەورە، ناوەندی (یەکبەرگی) و چکۆلە؛ ئەوانە هەرکام جێی خۆیان هەیە و ئەرکی خۆیان لەسەرە و هیچیان جێگای هیچیان ناگرنەوە

و شوێن بەوانی‌تر لێژ ناکەن. ئەگەریش چاوێک لە پێشەکی فەرهەنگە سێبەرگییەکە بکەین، هەر لەوێ، بڕیاری لەچاپدانی ئەم یەکبەرگییە و چکۆلەکەشی بەدوادا، ڕاگەیەنراوە.

باسی تایبەتمەندییەکانی سێبەرگییەکە و ئەرکی سەرشانی و ئەوەی لێی چاوەڕوانی دەکرێ ـ بە کوردی و فارسی ـ لە پێشەکییەکەیدا کراوە و لێرە پێویست بە دووپاتە کردنەوە نییە. هەر ئەوەندەمان لەبیر بێ کە ئەو کتێبە کۆگای وشە و دەستەواژە و قسەی نەستەقی زمانەکەمانە، لە سەرانسەری کوردستان؛ یەکەم بۆ پاراستنیان لە مەترسی لەبیرچوونەوە و نەمان و فەوتان؛ دووهەم بۆ فێر بوون و ئاشت‌کردنەوەیان و هاوردنیانە سەر زار و پەڕی کاغەز و کتێبان، بە یارمەتی زمانی فارسی، بۆ زۆربەی زۆری کوردی ڕۆژهەلات؛ کە فارسی دەزانن.

بەڵام لە فەرهەنگی ناوەندیدا ـ کە ئینگلیسی «concise»ی پێ‌ئێژن ـ مەرجمان گەورەیی و بەربڵاوی نییە. ئەگەر بۆ وشەیەکی فارسی وەکوو «اکنون»، چل یان زیاتر بەرامبەری کوردیمان هەیە و لە سێبەرگیدا نووسراون، لێرەدا پێویست ناکا هەموویان ڕیزکەین و بیاننووسین. کاری گرنگ بۆ فەرهەنگی ناوەندی، هەڵبژاردنە؛ لەو چل وشە، نیوەی هەڵبژێرە! کام وشە سەرەکی‌ترە و دەبێ هەبێ؟ کامانەیان لەوانی‌تر گیراون و دەکرێ لاچن؟ لێمایەک پازدە مانای هەیە؛ پێنجی، شەشی دەبێ لابەی! کامە لادەبەی؟ کێهەیان دادەنێی؟ حەولمان لە فەرهەنگی ناوەندیدا، جێ‌کردنەوەی لێما (مەدخەل)ی زیاترە لە شوێنێکی بەرتەسک‌تردا. بە شێوەیەک کە ئەوی گرنگ‌ترە، بمێنێ و هەمووش لە بەرگێکدا جێیان بێتەوە.

لەم فەرهەنگەدا تا ئەو ڕادە کە ماناکان تێکەڵ نەبن و خوێنەر تووشی گرفت نەکا، وشە هاوواتاکانمان لە شوێنێکی سەرەکیدا کۆ کردۆتەوە و لەو شوێنە، چەند هاوواتا و شرۆڤەی کوردی و هەروەها هاومانا فارسییەکانیمان هێناوە و بەم شێوە ئەو لێمایە بۆخۆی بۆتە چاوکەیەکی زانیاری، لەمەر ئەو وشە و هاوماڵەکانییەوە. لە باقی شوێنەکان

که ئەو هاوواتایانە بوونەتە لێما، بە نیشاندنی قامکێک، ئاماژەمان کردۆتەوە سەر سەچاوکەکە، زۆرتر بە ژمارەیەکەوە و بەس.

ئەم شێوازە چەند فایدەی هەبووە؛ یەکیان هەراوبوونەوەی مەودا، بەبۆنەی دابەزینی ڕادەی شرۆڤەکاری و بەرامبەرنووسی؛ لەو گرنگتر، ئاراستە کردنی کۆمەڵی وشە هاوماناکان، بە کوردی و فارسی، بەتایبەت بۆ پاڵدەستی نووسەران و وەرگێڕان و لە سەرینەی ئەوانە، لاچوونی لێڵی لەسەر مانای زۆرێک وشە کە چەند مانایان هەیە و لە هێندێک مانادا، لەگەڵ وشە یان وشەگەلیتردا یەک دەگرنەوە.

ئەڵبەت ئەنجامدانی ئەو گەلاڵە، لەگەڵ دژواری زۆردا، هێندێک گیروگرفتیشی بارهێنا کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند وردەکاری زمانی و تایبەتمەندی هێندێک وشە لە باری مانابیەوە. بۆ وێنە: وشە هەیە چوار مانا هەڵدەگرێ، ١و٢ لەگەڵ وشەیەکیتردا هاوواتایە؛ ٢و٤ لەتەک یەکیتر و ١و٣ لەیەل دانەیەکی دیکە. جا وەرە و لەم پێچەلانپێچەدا سەر دەرکە!

بۆ پارێز لەم گرفتە و دژوار نەبوونەوەی کارەکە، ئەوەندەش قووڵمان نەکردۆتەوە و لەو نێوانەدا ڕادەیەکمان ڕاگرتووە.

زۆر بەهیواین ئەم کتێبە ـکە بەرهەمی کارێکی دژوار و تێکۆشانێکی درێژخایەنە ـ جێی پەسندی زمانزانان و وێژەوانانی گەلەکەمان بێ.

**ئەمجار داخوازێک**: لە هەموو خوێنەرانی هێژا داوا دەکەین یەکەم جار کە ئەم فەرهەنگە دەخوێننەوە، هێندێک لەگەڵی هەڵکەن و ڕاوەستن تا چۆناوچۆنی کارەکەیان بۆ دەردەکەوێ و پێی ڕادێن. ئەوجار داوەرییان هەرچۆنێک بێ، ئێمە ملکەچین.

براتان: **ماجد مەردۆخ ڕۆحانی**

سنە، ڕێبەندانی ١٣٨٨(٢٠١٠)